Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

https://doi.org/10.24271/garmian. . Conf-2019-15

# شوێنەوارە كۆمەڵایەتیەكانی ئاوارەبوون

## (توێژینەوەیەكی مەیدانی ناو خێزانە ئاوارەكانی شاری هەولێر)

محمد حسین محمد شوانی

زانكۆی سەلاحەدین/ كۆلێژی ئاداب/ بەشی كۆمەڵناسی

***Article Info***

Received: May , 2019

Accepted: October , 2019

Published : April, 2022

***Keywords***

شوێنەوار، ئاوارە، هەولێر، كۆمەڵایەتی

***Corresponding Author***

mohshwany@gmail.com

پوختە بە زمانی كوردی

یەكێك لەو دیاردانەی تەواوی ژیانی خێزانەكان دەگرێتەوە ، كارەساتی ئاوارەبوونە، واتە لەبەریەك هەڵوەشاندنەوەی ژیانی ئاسایی رۆژانەو پەرتەوازەبوون و راكێشانی دەیان گرفتی تری كۆمەڵایەتی و ئابوری و دەروونی بە دووای خۆیدا.

بۆیە لەم قۆناغەدا لە عێراق یەكێك لە بابەت و پرسە گەرماو گەرمەكان بریتیە لە گرفتی خێزانە ئاوارەكان و چۆنیەتی دالّدەدان و پێشكەشكردنی خزمەتگوزاری بنەڕەتی بۆیان، دوواتر چۆنیەتی گێرانەوەیان بۆ ناوچەكانی خۆیان و دەستپێكردنەوەی ژیانی ئاسایی لە ناو خێزانەكانیاندا ، ئەم توێژینەوەیە هەوڵێكە بۆ روونكردنەوەی ئەو كاریگەریە كۆمەڵایەتیانەی لە ئەنجامی ئاوارەبوونەوە لە ناو خێزاندا روو دەدات

## پێشەکی :

لە هەموو کۆمەڵگاکاندا خێزان بەبەردی بناغەی پێکهاتنی کۆمەڵگا دادەنرێت ،دەبێتە شانۆی کارلێك و پێکگەیشتنە کۆمەڵایەتیەکان ،تاکەکان لەم ناوەندەدا لەدایك دەبن و سەرەتای پرۆسەکانی پێگەیاندنیان دەست پێ دەکات، بۆیە هەر بەر یەککەوتن و شڵەژان و بشێویەك لەسەر ئاستێکی فراوان بەسەر ئەم یەکە بنچینەییەدا بێت ، کاریگەری دەخاتە سەر کۆی بونیادی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاکە بە گشتی و ئەندامانی خودی ئەو خێزانانە بە تایبەت ، یەکێك لەو دیاردانەی تەواوی ژیانی خێزانەکان دەگرێتەوە ، کارەساتی ئاوارەبوونە، واتە لەبەریەك هەڵوەشاندنەوەی ژیانی ئاسایی رۆژانەو پەرتەوازەبوون و راکێشانی دەیان گرفتی تری کۆمەڵایەتی و ئابوری و دەروونی بە دووای خۆیدا.

بۆیە لەم قۆناغەدا لە عێراق یەکێك لە بابەت و پرسە گەرماو گەرمەکان بریتیە لە گرفتی خێزانە ئاوارەکان و چۆنیەتی داڵدەدان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بنەرەتی بۆیان، دوواتر چۆنیەتی گێرانەوەیان بۆ ناوچەکانی خۆیان و دەستپێکردنەوەی ژیانی ئاسایی لە ناو خێزانەکانیاندا ، ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ روونکردنەوەی ئەو کاریگەریە کۆمەڵایەتیانەی لە ئەنجامی ئاوارەبوونەوە لە ناو خێزاندا روو دەدات ، توێژینەوەکە لە دوو تەوەری تیۆری و مەیدانی پێکهاتووە، تەوەری یەکەم، سێ بەشی لە خۆ گرتووە، لە بەشی یەکەمدا رەهەندەکانی توێژینەوەکەو پێناسەی چەمکەکان خراوەتەروو، وەکو گرفت و گرنگی و ئامانجی توێژینەوەکەو پێناسەی چەند چەمکێکی وەکو ئاسەواری کۆمەڵایەتی و ئاوارەبوون و خێزان .

لە بەشی دووەمدا باسی هۆکارەکانی ئاوارەبوون کراوە، وەکو هۆکاری سروشتی و ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی، لە دووا بەشی لا یەنی تیۆریدا کە بەشی سێیەمە بۆ ئاسەوارە کۆمەڵایەتیەکانی ناو خێزانە ئاوارەکان تەرخان کراوە، وەکو هەڵوەشانەوەی خێزان و پەرتەوازەبوون، بێکاری و سواڵکردن، وازهێنان لە خوێندن و کارپێکردنی منالان .

دوواتر لە تەوەری دووەمدا کە لایەنی مەیدانی توێژینەوەکەیە ، (١٥٠) خێزان لە ناو ئاوارەکاندا بە شێوەی رەمەکی چینایەتی وەرگیراوەو ، لە رێگای چاوپێکەوتن و دابەشکردنی فۆرمێکەوە ، زانیاری لەسەر رەوشی ژیانی ئەم خێزانانە کۆ کراوەتەوە، لەو زانیاریانەوە بەو ئەنجامە گەیشتووە کە گرفتی گەورەی خێزانە ئاوارەکان بێکاری و وازهێنان لە خوێندن و کارپێکردنی مندالانە لە ئەنجامی هەژاری و نەخۆشی و پەککەوتن و لە دەستدانی یەکێك یان زیاتر لە هێزی کاری خێزانەکانیان ، بۆیە گونجاوترین رێگای چارەسەری ئەم گرفتە هەماهەنگی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی ناوەندە بۆ ئارامکردنەوەی ناوچەکانیان و گێرانەوەیانە بۆ شوێنی خۆیان و رەخساندنی هەلی کارە لەو ناوچانە .

### تەوەری یەکەم: لایەنی تیۆری توێژینەوەکە:

### بەشی یەکەم: رەهەندەکانی توێژینەوەکەو پێناسەی چەمکەکان:

#### باسی یەکەم: رەهەندەکانی توێژینەوەکە:

#### ١. گرفتی توێژینەوەکە:

بەهۆی هێرشەکانی داعشەوە لە حوزەیرانی ٢٠١٤دەوە باکور و باکوری رۆژئاوای عێراق گەورەترین پەنابردنی بەکۆمەڵ و جێهێشتنی شوێنی نیشتەجێبوونی دانیشتوانی بە خۆوە بینی کە لە مێژووی نوێی مرۆڤایەتیدا کەم وێنەبوو، نزیکەی دوو ملیۆن هاوڵاتی لە پارێزگاکانی ئەنبارو سەلاحەدین و موسڵ و دیالە ، شوێنی نیشتەجێبوونی ئاسایی خۆیان جێهێشت و پەنایان بۆ ناوچەکانی تر برد ، ئەوەی شایانی باسە ئەم پارێزگایانە بە سێگۆشەی سونی ناسراون بۆیە بە هۆی جیاوازی مەزهەبی و نا ئارامی ناوچەکانی خوارووی عێراقیشەوە تار ادیەك . بەشێکی زۆری ئەم ئاوارانە روویان لە هەرێمی کوردستان و بە تایبەت شاری هەولێر کرد ، لێرەوە ئەرکێکی سەخت کەوتە سەرشانی حکومەتی هەرێم لە کاتێکدا خۆی رووبەرووی کۆمەڵێك گرفتی سیاسی و ئابوری بووبووەوە لەگەڵ حکومەتی عێراق ، جگە لە کەمئەزمونی و نزمی ئاستی توانا مرۆیی و پسپۆریبەکانی لە بواری داڵدەدان و حەواندنەوەی ئاوارەدا . بەڵام سەرەرای ئەمانەش بە هاوکاری لەگەڵ هەندێك رێکخراوی عێراقی و نێودەوڵەتی هەوڵی زۆر درا بۆ ئارامکردنەوەی رەوشەکەو دابینکردنی پێداویستیە سەرەتاییەکانی ئاوارەکان ، گرفتی ئەم توێژینەوەیە روونکردنەوەی ئەو ئاسەوارە کۆمەڵایەتیانەیە کە لە ئەنجامی ئاوارەبوونی بە کۆمەڵەوە دەکەونەوە .ئایا پەناهێنانی بە کۆمەڵی دانیشتوانی پارێزگاکانی تر بۆ شاری هەولێر چ ئاسەوارێکی کۆمەڵایەتی لێ کەوتوتەوە لە ناو و ئاوارەکاندا.

#### ٢. گرنگی توێژینەوەکە:

توێژینەوەی لەم جۆرە بابەتێکی نوێ دەخاتە سەر کتێبخانەی زانکۆیی و ئەکادیمی کوردستان، شارەزایی و پسپۆری دەوڵەمەند دەکات لە بواری داڵدەدان و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئاوارە ، دەستکەوتی نەتەوەیی و نیشتمانی دەبێت بۆ پرسێکی مرۆیی وەکو چاودێری خێزانی خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان ، بە

تایبەت هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ توێژینەوە لە ئەنجامی بڵاوبوونەوە و فراوانبونی ئەم دیاردەیە سەرچاوەی گرتووە ، بۆیە راسپاردەو پێشنیارەکانی سودیان بۆ لایەنی پەیوەندیدار دەبێت لە خزمەتکردنی ئاوارەکاندا.

### ٣. ئامانجەکانی توێژینەوەکە:

یەکێك لە سەرتاکانی توێژینەوەی زانستی بریتیە لە بەستنەوەی هۆکار بە ئەنجامەوە، واتە دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان دوو دیاردە، کە خراونەتە ژێر سەرنج و تێبینی و توێژینەوە کردنەوە(١)وەکو بابەتی ئاوارەبوون و کاری منداڵان بۆ نمونە، بۆیە ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان ئاوارەبوون و ئەمانە:-

أ. ئەو ئاسەوارە کۆمەڵایەتیانە چین لە ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابوری پەناهەندەکاندا روویان داوە؟

ب. ئایا ئاواربوون بووەتە هۆی لاوازبوونی یەکانگیری کۆمەڵایەتی و هەڵوەشانەوەی خێزانی ؟

ج. ئاوارەبوون بوەتە هۆی وازهێنان لە خوێندن و کارپێکردنی منالان.

### باسی دووەم: پێناسەی چەمکەکان:

چەمك یەکێکە لە هێما بنچینەییەکان لە هەر زانێکدا، بەڵکو کلیلی زمان و ناونیشانیەتی،هەروەها چەمك ئامرازێکی هێماییە کە توێژەر پشتیان پێ دەبەستێت بۆ دەربرین و گوزارشتکردن بە بیرۆکەو وێناکردنەکانی (٢)بۆیە لە هەر توێژینەوەیەکدا پێویستە چەمکە کلیلیەکانی روون بکرێنەوە، لەم توێژینەوەیەشدا بریتین لە:-

#### ١. ئاسەوارە کۆمەڵایەتیەکان :

ئاسەواری کۆمەڵایەتی بەو کاریگەریانە دەگوترێت کە شوێنەوارێك لەسەر بونیادی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا یان خێزانەکان بە جێدێڵن، وەکو پەیوەندیەکانی نێوان ئەندامانی خێزان ژن و مێرد یان منداڵ و نەوەکانیان یان ئەو کاریگەری و ئاسەوارانەی دەخرێنە سەر پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و بایۆلۆژی دانیشتوان ئیتر بە هەر هۆکارێکەوە بێت، بە مانایەکی تر هەموو ئەوانەی دیاردەیەکی دیاریکراو بە سەر ژیانی کۆمەڵایەتیدا بەجێی دێڵێت، بە ئەرێنی یان نەرێنی، بۆیە توێژینەوە لە رەفتاری کۆمەڵایەتی تاك لە هەڵوێستە جیاوازەکاندا باشترین رێگایە بۆ زانینی ئاسەواری کۆمەڵایەتی هەر دیاردەیەك ، ئەگەر بشێوی تێکچونێکی دیاریکراو لە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانیدا بەدەرکەوتن بەڵگەی کاریگەری و شوێنەوارە نەرێنیەکانی ئەو دیاردەیەیە .

بە دڵنیاییەوە ئاسەوارە نەرێنیەکانی ئاوارەبوونی دانیشتوان لە ئاسەوارە نەرێنیەکانی هەر دیاردەیەکی تر زیاترە لەسەر کۆمەڵگا ، ئەویش بە هۆی گرنگی و بایەخی ئارامی و ئاسایش و جێگیری سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ژیانی کۆمەڵگا مرۆییەکاندا.

#### ٢. ئاوارەبوون:

بریتیە لە جێهێشتنی شوێنی نیشتەجێبوون و لێراهاتنی هەمیشەیی بە ناچاری و گەران بە دووای ئارامی و ئاسایش و دڵنیابوون لە گیان و ژیانی ئەندامانی خێزان، یان هەرکەسێك لە دەرەوەی شوێنی نیشتەجێبوونی هەمیشەیی بێت و ناسنامەی شوێنە نوێیەکەی نەبێت ،بە هۆی ترس و هەرەشەوە نەتوانێت بگەڕێتەوە سەر جێگاو شوێنی خۆی(٣)

ئەو کەسانەی پەنابەری ناوخۆیین، بریتیین لەو کەسانەی کە ناچاری هەڵاتن و بەجێهێشتنی ماڵ و شوێنی نیشتەجێبوونی ئاسایی خۆیانن لە ئەنجامی شەڕی چەکداری، یان باری توندوتیژی و داپڵۆسین و پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ، یان لە ئەنجامی کارەساتی سروشتی، یان دروستکەری مرۆڤ،(٤) شوێنەکانی خۆیان جێهێشتوە و سنوری سیاسی وڵاتەکەیان نەبڕیوە(٥) بەڵام لەبەرئەوەی پەنابەری ناوخۆیی لە چوارچێوەی سنووری وڵاتەکەیاندا ماونەتەوە، بۆیە تەواوی مافی پاراستنیان هەیە بەپێی یاسای نێودەوڵەتی و مافەکانی مرۆڤیش کە ئەمانە جیاوازن لەوانەی سنووری سیاسی وڵاتەکەیان دەبەزێنن و پەنا بۆ وڵاتێکی تر دەبەن(٦).لەم توێژینەوەیەدا ئاوارەکان هەموو ئەو کەسانەن بەهۆی باری نائارامی و مەترسیەکانی شەڕەوە لەسەر ماڵ و ژیانی ئاسایی رۆژانەی خۆیان هەڵکەندراون و روویان لە شاری هەولێر کردووە.

#### ٣. خێزان:

خێزان بچوکترین یەکەو بنچینەیی بونیادی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگایەو ئەرکەکانی بریتین لە تێرکردنی غەریزەی سێکسی و دەروونی و هاوکاری ئابووری و وەچەخستنەوەو پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی منداڵەکان و پەروەردەکردنیان بە پێی خواست و ویستی کۆمەڵگاکە یان کلتووری باوی کۆمەڵگا، دیارە ئەم پرۆسەیەش دەکەوێتە ژێر کاریگەری کۆمەڵێك هۆکارەوە،وەکو جۆری پەیوەندی نێوان ژن ومێردەکەو ئاراستەکانی بیرکردنەوەی دایك وباوکەکە بەرامبەر منداڵەکان و کاریگەری خوشك وبراو خێزانی هەردوو لا و ریزبەندی منداڵەکان وقەبارەی خێزانەکە بە گشتی و ئاستی هۆشیاری دایك وباب و پێگەی کۆمەڵایەتی وئابووری خێزانەکەو(٧) ..هتد ،گرنگی خێزان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا رابردوویەکی قوڵ ودوورو درێژی هەیە لە کۆنترین نوسراو و پاشماوەکانی فیرعەونیەکاندا لە میسر (بتاح حەوتپ) لە نزیکەی (٤٥٠٠)ساڵ بەر لە دایك بوون ،رێنمایی کوڕەکەی دەکات و دەڵێت ئەگەر دەتەوێت مەرد ودانا بیت بۆ خۆت خێزانێك درووست بکە(٨) واتە هەبوونی خێزان و هەڵگرتنی بەرپرسیاریەتی بەرامبەر خێزان یەکێك بووە لە نیشانەکانی مەردایەتی .

بەشی دووەم : هۆکارەکانی ئاوارەبوون :

باسی یەکەم: هۆکارە سروشتی و ئابوریەکان:

ئەم هۆکارانە زۆرن ، پەیوەندی راستەوخۆیان بە ژیانی مرۆڤەکانەوە هەیە بۆیە هەر گۆرانکاریەکی نەگونجاو یان نەخوازراو کارەساتی مرۆیی گەورە بە شوێن خۆیدا دێنێت وەکو :-

١. کارەساتی سروشتی :

کارەسات بە گشتی بریتیە لە هەر رووداوێك کە زیانی مرۆیی ، گیانی و ماڵی و ژینگەیی گەورە بە دووای خۆیدا بێنێت ، کە لەئەنجامی گۆرانی سروشتیەوە رووبدات یان مرۆیی، بە شێوەیەکی خوازراو کەوتبێتەوە یان نەخوازراو، رووبەرووبوونەوەی هەوڵ و تەقەلایەکی حکومی یان هەرێمی یان نێودەوڵەتی دەوێت بە پێی گەورەیی و قەبارەی کارەساتەکە و زیانەکانی(٩) .

کۆمەڵگای مرۆیی هەمیشە رووبەرووی کارەساتی سروشتی گەورە دەبێتەوە وەکو زەوی لەرزین و لافاو ، یان بە پێچەوانەوە نەبارینی باران و بە بیابان بوون ، ئەمانە لە کۆمەڵگا پێشکەوتوەکاندا چاوەروان کراوەو هەمیشە ئامادەسازی هەیە و زوو کۆنترۆڵ دەکرێت و زیانەکانی کەمترن بەڵام لە کۆمەڵگا دوواکەوتوەکاندا ئامادەکاری نیە و لە ناکاودا روو دەدەن بۆیە زیانەکانی گەورەترە ، بۆ نمونە زەوی لەرزەی شاری ئەسنام لە جەزائیر لە ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٨٠ نزیکەی چارەکە ملیۆنێك دانیشتوانی بێ جێگا لێ کەوتەوە، یان لافاوەکەی سودان لە ١٩٨٨ زیاتر لە یەك ملیۆن کەس خانوبەرەکانیان لە دەستدا، یان گەردەلولەکانی بەنگلادیش ١٩٩١ زیاتر لە سێ سەد هەزار کەسی کوشت و یەك ملیۆنیشی بێ جێگاو رێگا کرد(١٠).

٢. وشکەساڵی:

: وشکەساڵی دیاردەیەکی سروشتیە ، واتە دابەزینی ئاستی سەرچاوەکانی ئاو بە هۆی نەبارینی بارانەوە، کە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی خۆراك لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا کە پشت بە سروشت دەبەستن، دوواتر برسیەتی بڵاو دەبێتەوەو دەبێتە هۆی مردنی هەزاران کەس ، ئاوارەبوونی هەزاران خێزان ، ئەمەش دەیان دیاردەی کۆمەڵایەتی نەرێنی وەکو بێکاری و گۆرانی دێموگرافی و پەرتەوازەبوون .. بە تایبەت لە کۆمەڵگا سادەکاندا، کە پشت بە تەکنۆلۆژیا و بەرهەمهێنانی پیشازیانەی خۆراك نابەستن.

٣. برسیەتی:

بریتیە لە نەبوونی خۆراك لە بەردەستی دانیشتواندا، ئیتر بە هۆی لەناچوونی خۆراك یان گرتنەوەی خۆراك بێت، زۆرجار بە هۆی شەرو بەتاڵان بردن و سوتاندن و نا ئارمیەوە روو دەدات وەکو لە عێراق روویداوە لە ساڵانی جەنگی جیهانی یەکەم کە عوسمانیەکان خۆراکیان لە هاولاڵاتیان سەندووە ، هەندێك جاریش بە هۆی کارەساتی سروشتیەوە روو دەدات وەکو ئەوەی لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا دەبینرێت .

د-هەژاری: هەژاری دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیە ، سەرەرای ئەوەی تاك یان خێزانەکان وەکو دۆخێك رووبەرووی دەبنەوە لە ئەنجامی بەرزی پێداویستیەکان و نزمی داهاتیان، ئەمەش دەکرێت چارەسەربکرێت.

هەژاری لە ئەنجامی راستەوخۆی ستەمی کۆمەلالایەتی و نایەکسانی نێوان مرۆڤەکانە، بۆیە تەنیا لە نێوان تاکەکان ، یان چین و توێژە کۆمەڵایەتیەکاندا بە دەرناکەوێت بەڵکو هەندێك جار لە نێوان شارێك و شارێك یان ناوچەیەك و ناوچەیەك و لە نێوان وڵاتێك و وڵاتێکی تر و لە سەر ئاستی جیهانی لە نێوان باکورو باشوریشدا دەبینرێت .

باسی دووەم: هۆکارە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان:

١. جەنگ:

بریتیە لە شەڕی چەکدارانەی نێوان دوو وڵات یان دوو گروپ یان دوو حیزبی سیاسی ، یان دوو پێکهاتەی ئاینی و مەزهەبی و وردەکلتوری یەك کۆمەڵگا کە بەشەڕی ناوخۆیی یان ئەهلی ناودەبرێت ، وەکو ئەوەی لە حوزیرانی ٢٠١٤ دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش)پەلاماری شارە سونیەکانی دا، زیاتر لە دوو ملیۆن هاوڵاتی لە موسڵ و ئەو ناوچانە ئاوارەبوون، تیایدا کەمینە ئاینی و مەزهەبی و نەتەوەییەکان پشکی گەورەیان بەرکەوت وەکو یەزیدی و مەسیحی و شەبەك و تورکمانەکانی موسڵ تا ٢٠١٧ بە چارەسەر نەکراوی مانەوە .

٢. گەندەڵی سیاسی:

بریتیە لە خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتی گشتی بۆ ئامانجی کەسی یان بەرژەوەندی گروپ ، کە ئەمەش بە نهێنی دەکرێت بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتی مادی، دەبێتە هۆی نەهێشتنی متمانە لە نێوان هاوڵاتی و دەوڵەت و دروستکردن و گەشەپێدانی توندوتیژی(١١) زاڵبوونی ئەوەی هێزی هەیە بەسەر بێ هێزدا، بۆیە بێ هێزەکان ناچارن شوێنەکانیان بەجێبێڵن و ئاوارەبن، دوواتر کارەساتی مرۆیی گەورەتر بە دووای خۆیدا دێنێت.

٣. ناکۆکی و ململانێی چینایەتی و عەشایەری:

یەکێك لەو هۆکارانەی پاڵ بە هاوڵاتیانەوە دەنێت ئاوارەبن و ناچاریان دەکات شوێنەکانی خۆیان بەجێ بێڵن ناکۆکی چینایەتیە، شەری نێوان بنەماڵەو خێڵ و گروپەکانە لەسەر زەوی یان سەرچاوەی ئاو یان لەوەڕگا، لە کۆمەڵگا کشتوکاڵی و شوانکارەییەکاندا، هەروەها شوێنە دەوڵەمەندەکان بە سەرچاوەی سروشتی یان ڕێگاکانی بازرگانی لە کۆمەڵگا پیشەسازیەکاندا.

بەشی سێیەم: ئاسەوارە کۆمەڵایەتیەکانی ئاوارەبوون لەسەر خێزان:

گومان لەوەدا نیە کە مرۆڤ کاتێك لە شوێنی نیشتەجێبوون و لێراهاتنی ڕۆژانەی نامێنێت و لە ژینگەیەکی جیاوازدا خۆی دەبینێتەوە کۆمەڵێك ئاستەنگی دەرونی و کۆمەڵایەتی و ئابوریی بۆ دروست دەبێت بە تایبەت ئەگەر ئەو جێهێشتنە ناچاری و لە ناکاو وبە کۆمەڵ بێت ،ئەندامانی خێزان ئاگایان لە یەك نەمابێت و لە دۆخێکی مەترسیداردا کۆچیان کردبێت وەکو ئەوەی لە ئەنجامی جەنگ و هێرشی دوژمن و پەلاماری لە ناکاودا ڕووی دابێت ، ژیانی ئاوارەکانی جەنگی داعش هەموو ئەم تایبەتمەندیانەی هەیە، بۆیە ئاسەواری کۆمەڵایەتی مەترسیداری لێ کەوتوەتەوە وەکو :

یەکەم: هەڵوەشانەوەی خێزان و پەرتەوازەبوون:

هەڵوەشانەوەی خێزان و پەرتەوازەبوون دیاردەی کۆمەڵایەتین لە ناو کۆمەڵگاکاندا لە ئەنجامی ناجێگیری و نا ئارامی سیاسی و ئابوریدا دروست دەبن، بۆیە لە سەردەمی جەنگەکاندا بڵاودەبنەوەو مەترسی گەورە دەخەنە سەر کومەڵگا، چونکە بە بەرزبوونەوەی ڕێژەی خێزانە هەڵوەشاوەکان و منداڵە پەرتەوازەکان ڕێکخستنی کۆمەڵگا تێك دەچێت و دیاردەی کوشتن و دزین و ڕفاندن و بازرگانی کردن بە مرۆڤ و باندی تیرۆریستی و لادانی ئاکاری بڵاو دەبێتەوە، بەندیخانەکان و دەزگاکانی چاکسازی و خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی توانای راپەراندنی ئەرکەکانیان نامێنێت.

دووەم: بێکاری وسواڵکردن :

دیاردەی بێکاری وسواڵکردن بە شێوەیەکی ئۆرگانی بە یەکەوە بەستراون، هەردوکیان لە منداڵدانی ئاوارەبووندا دروست دەبن، خێزانە ئاوارەکان لە شوێنی ئاسایی خۆیاندا لە هەر رەوشێکی ئابوریدا بووبن بەڵام لە خێوەتگاکاندا یان لە کەمپەکانی ئاوارەکاندا بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ رووبەرووی هەژاری دەبنەوە، بە هۆی لە دەستدانی کارو سەرچاوەی بژێوی و بێکاریەوە، سەرەرای ئەوەی توانای کارکردنیان هەیە(١٢) لێرەوە دۆخی دەرونیان تێك دەچێت ، کاتێك مەترسیەکانی سەرگیانیان نامێنێت و هەست بە جۆرێك لە ئەمن و ئاسایش دەکەن ئازاری بێکاری و نەبوونی و نەتوانی لە دابینکردنی پێداویستیەکانی منداڵەکانیان زیاد دەکات، بە تایبەت زۆری کاتی دەستبەتاڵیان ئەمەش مەترسیەکی ترە لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتیان، بۆیە دەبینین لەم ناوچانەدا خاوەن پێویستی تایبەت و بێ سەرپەرشتیارو بێوەژن و کەمئەندام و ڕێژەی ئەوانەی داوای یارمەتی دەکەن بەرز دەبێتەوە .

سێیەم: وازهێنان لە خوێندن و کارپێکردنی منالان:

ئاوارەبوون و پەناهێنان و بێکاری و هەژاری هەندێك لە خێزانەکان ناچار دەکات ، کار بە منداڵەکانیان بکەن لە جیاتی بیرکردنەوە لە ئایندەو بەرنامەرێژی بۆ خوێندن ،لە عێراقدا بە گشتی رەوشی خوێندنی منداڵانی ئاوارەکان بە بەراورد لەگەڵ دۆخی پیچش ئاوارەبووندا پاشەکشێیەکی زۆری کردووە، بە پێی ئەو

رووپێویانەی بۆ ئاوارەکان کراوە لە عێراقدا نزیکەی چارەکێکی ئەوانەی تەمەنیان شەش ساڵانە پەیوەندیان بە قوتابخانەکانەوە کردووە بۆ خوێندن، واتە نزیکەی ٧٥% منداڵانی ئاوارەکان ناچنە قوتابخانەو وازیان لە خوێندن هێناوە(١٣)ئەمەش زەمینەیەکی لە بارەو گونجاوە بۆ دووبارە بەرهەمهێنانەوەی توندوتیژی و پەرگری و دروستبوونی گروپی تیرۆریستی.

تەوەری دووەم: لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە :

بەشی چوارەم: چوارچێوەی تیۆری کارڕاییە مەیدانیەکانی توێژینەوەکە:

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتیە لە هەموو ئەو ئاوارە و پەناهەندانەی لە شارەکانی باکورو باکوری رۆژئاوای عێراقەوە بۆ شاری هەولێر هاتوون لە هەموو جۆرەکانی پێکهاتەی دانیشتوانی عێراقیان تێدایە،لە رووی چینایەتی و ئاین و مەزهەب و ژینگەی شارو لادێ و نەتەوەییشەوە جیاوازن، ژمارەیان جێگیر نیە ، رۆژانە لە گۆڕاندایە، لە کۆتایی زستانی ٢٠١٩دا نزیکەی (٩٠٠٠٠) خێزان ٥٤٠٠٠٠ هەزار پەناهەندەی ناوخۆیی لە شاری هەولێردا داڵدە درابوون(١٤)،بەڵام لە کۆتایی بەهارو سەرەتای هاویندا ئەم ژمارەیە دابەزی بۆ (٣٨٩٧٤٢)کەس، بۆیە ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر کۆمەڵگەیەکی وا فراوان وفرە چەشن کارێکی ئاسان نیە بە ناچاری پەنا براوەتە بەر هەڵبژاردنی نموونە بەپێی ئەو مەرجە زانستیانەی لە هەڵبژاردنی نموونەدا رەچاو دەکرێن، هەتا نوێنەرایەتی تەواوی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بکات.(١٥٠)خێزان بە نمونە وەرگیراوە، (٤٠)خێزان لە گەرەکی (٩٢)و لە گەرەکی زەیتونەش (٤٠)خێزان و (٧٠)خێزانیش لە کەمپی بەحرکە.ئەم توێژینەوەیە لەچوارچێوە گشتیەکەیدا، توێژینەوەیەکی وەصفی شیکاریە بۆ ئەو گرفتە خێزانیانەی لە ئەنجامی ئاوارەبووندا دروست دەبن، بۆیە سروشتی ئەم توێژینەوەیە دەخوازێت هەردوو میتۆدی وەسفی و شیکاری وەکو میتۆدی سەرەکی بەکار بێن. بۆ کۆکردنەوەی زانیاریش بە رەچاوکردنی پێکهاتە و تایبەتمەندییەکانی خێزانەکان لە رووی خوێندەواری و هەبوونی کەسی شارەزا، دوای سەردانیی کردنیان ئەگەر ئەو مەرجانەیان تێدا بووبێت، فۆرمی راپرسیان بەسەردا دابەشکراوە خۆیان پڕیان کردۆتەوە و دواتر وەرگیراوەتەوە، بەڵام ئەگەر ئەو مەرجانەیان تێدا نەبووبێت، توێژەر وەکو ئامرازی چاوپێکەوتن فۆرمەکانی بەکارهێناوە. زانیاریەکان لە ٢٨مایس تا ١٨ی حوزیرانی ٢٠١٩ کۆکراونەتەوە. دەربارەی فۆرمی راپرسیەکەش لە دوو بوار پێکهاتووە و هەژدە پرسیار لە خۆ دەکرێت .شەش پرسیاری گشتی و دووازدە پرسیاری راستەوخۆ تایبەتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە ، بڕوانە پاشکۆی ژمارە (١).

بەشی پێنجەم: خستنەڕوو و شیکردنەوەی زانیاریەکان

باسی یەکەم: خستنەڕوو و شیکردنەوەی زانیاریە گشتییەکان

١. رەگەز:

خشتەی (١) رەگەزی ئەندامانی نموونەکە دیاری دەکات

| رەگەز | ژمارە | رێژەی سەدی |
|---|---|---|
| نێر | ١٣٦ | %٩٠.٧ |
| مێ | ١٢ | %٨ |
| بێ وەڵام | ٢ | %١.٣ |
| کۆی گشتی | ١٥٠ | %١٠٠ |

لەم خشتەیەدا بۆمان دەردەکەوێت کە رێژەی (%٩٠.٧)ی ئەندمانی نموونەکە نێرن و رێژەی (%٨)ی مێن، بەڵام رێژەی (%١.٣)ی ئەندامانی نموونەکە رەگەزیان دیاری نەکردووە. بەرزی رێژەی پیاوان لەم نموونەیە بەڵگەی کەمتر هاتنەدەرەوەی ئافرەت و نزمی ئاستی بەشداریکردنی ئافرەتە لە چالاکی ئابووری و پرسە سیاسی و چالاکییە کۆمەڵایەتییەکاندا بەتایبەتی لە قۆناغێکدا وەك ئەوەی پەنابەران پێیدا تێدەپەڕن، کە دەوروبەرێکی تا رادەیەك نەناسراوە بۆ ئەوان، بۆیە لەم رەوشەدا ئەگەری گەڕانەوە بۆ ئوسوڵیەت و ئاکاری ئایینی بەهێزە یان بە پێچەوانەوە ئاوارەیی زەمینەی یەکسانی دەرچوونی ئافرەت و کرانەوە ساز دەکات لەژێر کارگەری کۆمەڵێك هۆکاری کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیدا.

٢. باری هاوسەرگیری:

خشتەی ژمارە (٢) باری هاوسەرگیری ئەندامانی نموونەکە روون دەکاتەوە .

| باری کۆمەڵایەتی | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| خێزاندار | ١٣٤ | %٨٩.٣ |
| سەڵت | ٥ | %٣.٣ |
| تاکمردوو | ٨ | %٥.٣ |
| جیابوەوە | ١ | %٠.٧ |
| بێ وەڵام | ٢ | %١.٣ |
| کۆی گشتی | ١٢٥ | %١٠٠ |

له خشتەی ژمارە دووددا بۆمان دەردەکەوێت کە ڕێژەی(%٨٩.٣)پەناهەندەکان بە خێزانەکانیانەوە هاتوون و دایك وباوك لە خێزانەکاندا ماون و لە گەڵ منالّەکانیاندا پەنایان بۆ هەولێر هێناوە ، ڕێژەی (%٣.٣) یان بە تەنیا هاتوون و کەس و کاریان لە شوێنێکی تردا دەژین، ڕێژەی (%٥.٣)ئەندامانی نمونەکە بێوەژن یان پیاوی هاوسەر مردوون، دوو کەس باری کۆمەڵایەتیان دیاری نەکردووە و یەك جیابووەوەش لە نمونەکەدا هەیە.

٣. ئاستی زانستی:

خشتەی (٣) ئاستی زانستی ئەندامانی نموونەکە روون دەکاتەوە.

| ئاستەکان | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| نەخوێندەوار | ٣٦ | %٢٤ |
| سەرەتایی | ٦٠ | %٤٠ |
| ناوەندی و ئامادەیی | ٣٩ | %٢٦ |
| پەیمانگاو سەرووتر | ١٥ | %١٠ |
| کۆی گشتی | ١٥٠ | %١٠٠ |

لە خشتەی (٣) سێ دا بۆمان دەردەکەوێت کە ڕێژەی (%٤٠) ئەندامانی نموونەکە قۆناغەکانی سەرەتاییان تەواو کردووە، دوای ئەمەش ڕێژەی (%٢٦) بڕوانامی ناوەندی و ئامادەییان هەیە،ڕێژەی (%٢٤)شیان نەخویندەوارن و تەنیا (%٧)ش پەیمانگاو سەروتریان تەواو کردووە ، جگە لە کاریگەری ئاوارەیی هەر لە بنەڕەتدا ئەو ناوچانەی ڕووبەرووی شەرو نا ئارامی بوونەتەوە خەڵکەکەی بۆ هەولێر پەنایان هێناوە ،ئاستی خوێندەواری کۆمەڵگاکە نزم بوە، یان چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگا ئاوارەبوونە وخەڵکە خوێندەوارو چینە باڵاکەی لە شوێنێکی تردان.

٤. قەبارەی خێزان:

خشتەی (٤) ژمارەی ئەندامانی خێزانی نموونەی توێژینەوەکە روون دەکاتەوە

| قەبارەی خێزان | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| (١- ٣) | ٣٠ | %٢٠ |
| (٤- ٦) | ٥٤ | %٣٦ |
| (٧- ٩) | ٣٩ | %٢٦ |
| (١٠- ١٢) | ١٥ | %١٠ |
| ١٣ و زیاتر | ٩ | %٦ |
| بێ وەڵام | ٣ | % ٢ |
| کۆی گشتی | ١٥٠ | %١٠٠ |

له خشتەی (٤)دا بۆمان دەردەکەوێت، کە بەرزترین ڕێژەی ئەندامانی نموونەکە (٣٦%) قەبارەی خێزانیان لە نێوان (٤- ٦) کەسە، ئەمەش بە بەراورد لەگەڵا خشتەی (٣) تەبایی و گونجانی نێوان ئاستی خوێندن و قەبارەی خێزانی ئاوارەکان دەردەخات، دواتر ڕێژەی (٢٦%)هش (٧- ٩) کەس و ڕێژەی (٢٠%) یش (٢- ٣) کەس وریژەی (١٠%) لە نێوان (١٠-١٢)کەسن تەنیا ڕێژەی (٢%)یش ئاماژەیان بەقەبارەی خێزان نەکردووە، یان لەو کەسانەن کە ڕۆژانە هاتوچۆ دەکەن بۆ کارکردن دێنە هەولێر و دەگەڕێنەوە، یان لەو خوێندکارانەن لە بەشەناوخۆییدا دەمێننەوە و تەنیا خۆیان هاتوون، بە گشتی ناوەندی هەژمارەیی خێزان نموونەکەدا نزیکەی (٧) کەسە، ڕەنگە ئەمەش لەسەرتاسەری عێراقدا ڕاست بێت. بە پێی ئەو توێژینەوە دانیشتوانیانەی لە عێراقدا ئەنجام دراون.

٥. باری ئابوری:

خشتەی (٥)باری ئابوری نمونەی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە:

| باری ئابوری | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| باش | ٢١ | %١٤ |
| ناوەند | ٤٨ | %٣٢ |
| خراپ | ٨١ | %٥٤ |
| دیاری نەکراو | ٠ | ٠ |
| کۆی گشتی | ١٥٠ | %١٠٠ |

له بارەی ڕەوشی ئابوری و بژێوی ئاوارەکانەوە کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە گرفت و کێشەکانی ناو خێزانەوە هەیە ، ٥٤%یان لە ڕەوشێکی ئابوری خراپدا دەژین و ٣٢%یان ناوەندو تەنیا ٢١%یان دەڵێن لە ڕووی ئابوریەوە باشین، ئەمەش تا ڕادەیەك پەیوەندی بە قەناعەت و سەختیەکانی ژیانی پێش ئاوارەبوونەوە هەیە، چونکە هەندێك لەوانەی هەرەشەی مردن و لەناوچوونیان لەسەرە دووای نەمانی ئەو سەغڵەتی و تەنگانەیە سوپاسگوزاری خودان و بەرامبەر پێداویستیەکانی تر خۆ ڕاگرن.

٦. شوێنی نیشتەجێبوونی پێشوو:

خشتەی (٦) شوێنی نیتەجێبوونی پێشووی نمونەی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە:

| شوێنی نیشتەجێبون | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| شار | ٢٧ | ١٨% |
| قەزاو ناحیە | ٤٥ | %٣٠ |
| گوند | ٧٨ | %٥٢ |
| دیاری نەکراو | ٠ | ٠ |
| کۆی گشتی | ١٥٠ | %١٠٠ |

ڕێژەی ٥٢% ی ئەوانەی پەنایان بۆ شاری هەولێر هێناوە خەڵکی گوندەکانن، ٣٠%یش خەڵکی ناحیەو قەزاکان و تەنیا ١٨%یان پێشتر لە ناوەندی شارەکاندا نیشتەجێبوون ، باگراوندی ژینگەیی لادێ و شار ئەگەر لە کاتی ئاساییشدا بێت جۆرێك لە گرفت بۆ کۆچبەران دروست دەکات، بە تایبەتی لە کاتی نائاساییدا بە هۆی زۆری پێداویستیەکانی کۆچبەرو ئاڵۆزی داواکاریەکانی شارنشینیەوە بۆیە یەکێك لە گرفتەکانی ئاوارەکان جیاوازی ژینگەی شارو لادێیە، کە لە بنەڕەتدا خەڵکی گوندو کاری ئاژەڵداری و کشتوکاڵیان کردووەو ئێستا لە ژێر فشارو دۆخێکی نا ئاساییدا هاتونەتە شار، داواکاری و پێداویستیەکانی شار جیاوازە لە تایبەتمەندیەکانی گوند.

باسی دووەم: خستنەڕووی زانیاریەکانی پەیوەست بە ئامانجی توێژینەوەکە:

٧. چەند ساڵە شوێنی خۆتان جێهێشتووە؟

خشتەی (٧)ماوەی نیشتەجێبوون لە هەولێر روون دەکاتەوە.

| ماوەی نیشتەجێبون | ژمارە | رێژە |
|---|---|---|
| ١ تا ٢ ساڵ | ١٧ | %١١.٣ |
| ٣تا ٤ ساڵ | ٤٤ | %٢٩.٣ |
| ٥تا ٦ ساڵ | ٦٣ | ٤٢ |
| ٧ ساڵ و زیاتر | ٢٦ | %١٧.٤ |
| کۆی گشتی | ١٥٠ | %١٠٠ |

مانەوە لە شوێنێکی دیاریکراو و جێگیربوونی خێزان تا رادەیەك ئارامی بەخشەو جۆرێك لە دڵنیایی دەداتە ئەندامانی خێزانەکە، چونکە جۆرێك لە لێراهاتن و پەیوەندی و ناسیاوی دروست دەکات، (٤٢%)ئەندامانی نمونەکە پێنج تا شەش ساڵ لە هەولێر نیشتەجێن ،بەمەش بەشێکی زۆری گرفتەکانی سەرەتای هاتنیان نەماوە، رێژەی(٢٩.٣%)سێ تا چوار ساڵە و رێژەی (١٧.٤%) خەوت ساڵ زیاترە هـ (١١.٣%)یش یەك تا دوو ساڵە لە هەولێر ماونەتەوە، بە تایبەت ئەو خێزانانەی لە گەڕەکەکانی ناو شاری هەولێرن پەیوەندی هاوڕێیەتی و کارو دراوسێیەتیان لەگەڵ خەڵکی هەولێردا دروست کردووەو لە مزگەوت و بۆنە ئاینیەکاندا وەکو ئاشناو دۆستی یەکتری مامەڵە دەکەن .

٨. بۆچی شاری هەولێرتان هەڵبژارد؟

خشتەی (٨)هۆکاری هەڵبژاردنی هەولێر روون دەکاتەوە

| هۆکارەکان | ژمارە | رێژە |
|---|---|---|
| نزیکترین شوێنی ئارام بوو | ١٠١ | %٦٧.٣ |
| بە هۆی دۆست و ناسیاو خزم | ٤٨ | %٣٢ |
| بە هۆی کارو کاسبی شارەکە | ٤٩ | %٣٢.٧ |
| هۆکاری تر | ٢٧ | %١٨ |
| بێ وەڵام | ١ | %٠.٧ |
| کۆی گشتی | *٢٢٦ | زیاتر لە %١٠٠ |

لە خشتەی (٨) دا بۆمان دەردەکەوێت بەرزترین رێژەی ئەندامانی نموونەکە (%٦٧.٣)یان بە هۆی ئەوەی وەکو ناوچەیەکی ئارام و شوێنی حەوانەوەو بە دەنگەوە هاتن سەیری شاری هەولێریان کردووە بۆیە پەنایان بۆ ئێرە هێناوە، بێجگە لەوەی رێژەی (%٣٢)یان دۆست و ناسیاو و خزمیان لە هەولێر هەبووە،دڵنیابوونە ئاسانکاریان بۆ دەکەن هەروەها رێژەی (%٣٢.٧)یش بەهۆی هەلی کارکردنەوە هەولێریان هەڵبژاردووە و رێژەی (%١٨)یش هۆکاری تری وەکو لە بنەڕەتدا خەڵکی هەولێر بووە و تەواوکردنی خوێندن و ...هتد، تەنیا (%٠.٧)یش هیچ هۆکارێکیان دیاری نەکردووە.

٩. ئایا هیچ ئاستەنگێکت هەبووە لە راهاتن لەگەڵا خەڵکی هەولێردا؟

خشتەی (٩) ئاستی لێ راهاتنی پەناهەندەکان روون دەکاتەوە

| ئاستی لێراهاتن | ژمارە | رێژە |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٤٦ | %٣٠,٧ |
| تا رادەیەك | ٦٨ | %٤٥.٣ |
| نەخێر | ٣٤ | %٢٢.٧ |
| بێ وەڵام | ٢ | %١.٣ |
| کۆی گشتی | ١٥٠ | %١٠٠ |

له خشته‌ى (٩) دا بۆمان ده‌رده‌كه‌وێت به‌رزترین ڕێژه‌ى ئه‌ندامانى نموونه‌كه (%٤٥.٣) به تا راده‌یه‌ك و ڕێژه‌ى (%٣٠,٧) به به‌ڵێ بۆ پێكه‌وه ژیان رووبه‌ڕووى گرفت بوونه‌ته‌وه و به ئاسانى له‌گه‌ڵا خانه‌خوێدا رانه‌هاتوون، ئه‌گه‌ر هه‌ردوو ڕێژه‌كه كۆ بكه‌ینه‌وه ده‌كاته (%٧٦)ى ئه‌ندامانى نمونه‌كه گرفتى خێزانیان هه‌یه له ئه‌نجامى ئاواره بووندا، له به‌رامبه‌ر ئه‌مه‌شدا ڕێژه‌ى (%٢٢.٧) ده‌ڵێن ئاسته‌نگێكیان نه‌بووه له لێراهاتندا و ڕێژه‌ى (%١.٣)یش وه‌ڵامیان نه‌داوه‌ته‌وه.

١٠. ئایا هیچ مناڵێكتان وازى له خوێندن هێناوه؟

خشته‌ى(١٠)ئاستى وازهێنانى مناڵى ئاواره‌كان له خوێندن روون ده‌كاته‌وه

| وازهێنان له خوێندن | ژماره | ڕێژه |
|---|---|---|
| به‌ڵێ | ٦٢ | %٤١.٣ |
| نه‌خێر | ٨٨ | %٥٨.٧ |
| بێ وه‌ڵام | ٠ | |
| كۆى گشتى | ١٥٠ | %١٠٠ |

له خشته‌ى (١٠)ده‌بینین ڕێژه‌ى (%٥٨.٧)ئه‌و خێزانانه‌ى به نمونه وه‌رگیراون مناڵه‌كانیان به‌رده‌وامن له خوێندن، یان مناڵى قوتابخانه‌و خوێندنیان نیه ،چونكه ئه‌وانه‌ى مناڵیشیان نیه وه‌ڵامى پرسیاره‌كه‌یان به‌وه داوه‌ته‌وه كه گرفتى ده‌رچوونى مناڵیان نیه له قوتابخانه‌كاندا، به‌ڵام له به‌رامبه‌ردا ڕێژه‌ى (%٤١.٣)مناڵه‌كانیان له خوێندن وازیان هێناوه، یان هه‌ر له بنه‌ڕه‌تدا به هۆى نائارامیه‌كانى چه‌ند ساڵى رابردووه‌وه نه‌یان خوێندووه‌و ئیستا هه‌رچه‌نده له خوار ته‌مه‌نى كاركردنیشن به‌ڵام به هۆى پێویستیه‌كانى خێزانه‌وه كاریان پێ ده‌كه‌ن، به‌شێك له خێزانه‌كان وه‌كو له كاتى چاوپێكه‌وتن و سه‌رنج و تێبینیدا ده‌ركه‌وت ، به‌ر له‌وه‌ى بێنه شارى هه‌ولێر مندا‌ڵه‌كانیان له قوتابخانه ده‌رچوبون و وازیان له خوێندن هێنابوو به هۆى شه‌ڕو نا ئارامیه‌كانى شاره‌كانیانه‌وه، له ساڵى ٢٠٠٣هوه چه‌ند جارێكى تریش ئاواربوون و ماڵ و شوێنى نیشته‌جێبوونى خۆیان جێهێشتوه‌و گه‌راونه‌ته‌وه.

١١. ئه‌گه‌ر به‌ڵێ :بۆچى مناڵه‌كه‌تان له خوێندن وازى هێناوه؟

خشته‌ى(١١)هۆكارى وازهێنان له خوێندن روون ده‌كاته‌وه.

| هۆكاره‌كان | ژماره | ڕێژه |
|---|---|---|
| پێویستى خێزان به‌كارى مناڵ | ٤٢ | %٦٧.٨ |
| نه‌بوونى قوتابخانه‌ى نزیك | ٩ | %١٤,٥ |
| گواستنه‌وه‌ى ماڵ و جێگیر نه‌بوون | ٧ | %١١.٢ |
| رانه‌هاتنى مناڵه‌و بێزاربوونى | ٤ | %٦.٥ |
| كۆى گشتى | ٦٢ | %١٠٠ |

له خشته‌ى (١١)دا ده‌بینین ڕێژه‌ى(%٦٧.٨)ئه‌ندامانى نمونه‌كه مناڵه‌كانیان به هۆى پێویستى خێزان و ناچاربوون به كارپێكردنى ،مناڵه‌كانیان له قوتابخانه ده‌ركردووه، بۆ هه‌ر كه‌سێك ئه‌مرۆ به ناو بازاره‌كانى هه‌ولێردا تێپه‌رێت به سه‌دان مناڵى ئاواره ده‌بینێت به عه‌ره‌بانه كۆڵبه‌رى و عه‌لاگه فرۆشتن و له‌سه‌ر شۆسته‌كاندا كارى په‌راوێزى ده‌كه‌ن، ڕێژه‌ى (%١٤,٥)ئاواره‌كان گرفتى نه‌بوونى قوتابخانه و (%١١.٢)گرفتى جێگیر نه‌بوون و گواستنه‌وه له گه‌ره‌كێكه‌وه بۆ گه‌ره‌كێكى تر و(%٦.٥) مناڵه‌كانیان به قسه‌ى دایك وباوكیان نه‌كردووه‌و وازیان له خوێندن هێناوه.

١٢. كێ سه‌رپه‌رشتى خێزان ده‌كات له دوواى ئاواره‌بوونه‌وه؟:

خشته‌ى (١٢)سه‌رپه‌رشتیارى خێزان روون ده‌كاته‌وه :

| سه‌رپه‌رشتیار | ژماره | ڕێژه |
|---|---|---|

| | | |
|---|---|---|
| باوك | ٨٧ | %٥٨ |
| دایك | ٢٦ | %١٧.٣ |
| باوك و دایك | ٣٠ | %٢٠ |
| خزمێكی پلە یەك | ٧ | %٤.٧ |
| كۆی گشتی | ١٥٠ | %١٠٠ |

لە خشتەی (١٢)بۆ مان دەردەكەوێت جۆرێك لە كۆنترۆڵ نەكردنی خێزان لە لایەن باوكەوە بە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی خێزانەكانەوە دیارە، لە ئەنجامی لە دەستدانی باوك یان فرەژنی یان دووركەوتنەوەی باوكەوە بێت زیاتر لە (٤٠%)خێزانەكانی نمونەكە بە تەواوی لە لایەن باوكەوە نابرێن بەڕێوە، ئەگەرچی ٥٨% یان باوك سەرپەرشتیان دەكات، بەڵام (١٧.٣%)یان لە لایەن دایك و (٢٠%)یان بە هاوبەشی و (٤%)یان لە لایەن یەكێك لە خزمە پلە یەكەكانەوە بەڕێوە دەبرێن و سەرپەرشتی دەكرێن .

١٣. ئایا هەست بە ئارامی دەروونی و دڵنیایی دەكەن لە ناو شاری هەولێر؟:

خشتەی (١٣)ئاستی ئارامی دەرونی و دڵنیایی نمونەكە روون دەكاتەوە

| ئارامی دەرونی | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٤٩ | %٣٢,٧ |
| تا رادەیەك | ٦١ | %٤٠.٧ |
| نەخێر | ٣٧ | %٢٤.٦ |
| دیاری نەكراوە | ٣ | %٢ |
| كۆی گشتی | ١٥٠ | %١٠٠ |

لە خشتەی (١٣)بۆمان دەردەكەوێت زیاتر لە (٦٥%)ی خێزانەكان یان هەست بە ئارامی دەرونی و دڵنیایی ناكەن یان تا رادەیەك هەستی پێ دەكەن، ئەگەر چی (٣٢.٧%)خێزانەكان ئارامی دەرونیان هەیە و دڵنیان لە مانەوەو ژیانی رۆژانەیان ، ڕێژەی (٢%)دیاریان نەكردووە ، ئەمەش ئەگەری هۆكاری نا دڵنیایی هەیە لە وەڵام نەدانەوەیدا.

١٤. ئایا بیركردنەوەت لە ژیاتی پێش ئاوارە بوون ئازارت دەدات؟:

خشتەی (١٤)ئاستی ئازاری بیركردنەوەی نمونەكە روون دەكاتەوە؟

| ئازارچەشتن | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٩٤ | %٦٢.٦ |
| تا رادەیەك | ٣٧ | %٢٤.٧ |
| نەخێر | ١٨ | %١٢ |
| دیاری نەكراوە | ١ | %٠,٧ |
| كۆی گشتی | ١٥٠ | %١٠٠ |

لە خشتەی (١٤)بۆمان دەردەكەوێت زۆربەی ئاوارەكان بە ڕێژەی (٨٧.٣%)لە ئەنجامی بیركردنەوە لە رەوشی ژیانی پێش ئاوارەبوون ئازار دەچێژن یان تا رادەیەك ئەو بیركردنەوەیە ئازاریان دەدات ، ئەمەش گرفتی دەرونی و لێراهاتن و گونجانیان بۆ دروست دەكات لەگەڵ دەوروبەر و لە ناو خێزانەكانیشیاندا، بۆیە هەندێك لە خێزانەكان بێ گوێدانە ئارام بوونەوەو باشتر بوونی رەوشی ناوچەكانیان گەراونەتەوە توشی كارەسات و گیان لە دەستدان بوون، ڕێژەی (١٢%) ئەو بیركردنەوەی ئازاریان نادات، وەكو هەندێكیان لە كاتی چاوپێكەتنەكاندا ئاماژەیان پێ دەكرد لە بەرچاویان كەوتووە، خێرو خۆشیان نەدیوە هەمیشە هەرەشەیان لەسەر بووە.تەنیا یەك كەسیش وەڵامی ئەم پرسیارەی نەداوەتەوە.

١٥. ئایا لە ژینگەی کەمپ یان ئەو گەڕەکەی ئێستا تێیدا دەژیت هەست بە غەریبی دەکەیت؟:

خشتەی (١٥)ئاستی هەست کردن بە غەریبی لای نمونەکە روون دەکاتەوە

| هەستی غەریبی | ژمارە | رێژە |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٥٩ | %٣٩.٣ |
| تا رادەیەك | ٥٣ | %٣٥.٣ |
| نەخێر | ٣٧ | %٢٤.٧ |
| دیاری نەکراوە | ١ | %٠,٧ |
| کۆی گشتی | ١٥٠ | %١٠٠ |

لە خشتەی (١٥)دا بۆمان دەردەکەوێت کە رێژەی (%٧٤.٦) خێزانەکان یان هەست بە غەریبی و نامۆیی دەکەن لە کەمپ و هەندێك لە گەڕەکەکاندا یان تا رادەیەك ئەو هەستەیان لا دروست بووە، ئەمەش گرفتی رۆژانەیان بۆ دروست دەکات لە رووی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و لەسەرکار و هەتا لە بازاردا، چونکە وا هەست دەکەن وەکو مرۆڤێکی رۆبۆتی کۆنترۆڵی خۆیان لە دەستی یەکێکی ترە ، ئەمان خاوەن بریاری ژیانی خۆیان نین ، ئەم هەستکردنە پەرچەکرداری توندوتیژی لێ دەکەوێتەوە. هەرچەندە رێژەی (%٢٤.٧) خێزانەکان ئەو هەستەیان لا دروست نەبووەو یەك کەسیش دیاری نەکردووە.

١٦. ئایا هەموو ئەندامانی خێزانەکەتان پێکەوە لە هەولێر دەژین؟

خشتەی(١٦)پێکەوە ژیانی ئەندامانی خێزانی ئاوارەکان روون دەکاتەوە:

| پێکەوە ژیانی خێزان | ژمارە | رێژە |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٣٣ | %٢٢ |
| نەخێر | ١١٧ | %٧٨ |
| دیاری نەکراو | ٠ | ٠ |
| کۆس گشتی | ١٥٠ | %١٠٠ |

لە خشتەی (١٦)دا بۆمان دەردەکەوێت (%٧٨)خێزانە ئاوارەکان رووبەرووی جۆرێك لە پەرشوبلاوی و دابەشبوون و دوورکەوتنەوە لە یەکتری بوون، بە هۆی ئاوارەبوونەوە هەموو ئەندامانی خێزان پێکەوە لە ژێر بنمیچی یەك ژووردا کۆ نابنەوە ، ئەوەی جاران پێکەوە دەژیان لە دایك وباوك و نەنك و باپیرە و هەندێك جار چەند برایەك کە خاوەنی ژن و مناڵ بوون ئێستا ئەوە نەماوە، ئەم دیاردەیە جۆرێك لە گرفتی سۆزداری و خۆشەویستی بۆ دروستکردوون، خەمباری کردوون، ئەگەرچی (%٢٢) خێزانەکان ئەم گرفتەیان نیەو هەمووان پێکەوە دەژین.

١٧. ئایا هیچ یارمەتی درایت لە دوای ئاوارەبوونت؟

خشتەی (١٧) ئاستی یارمەتیدانی پەناهەندەکان روون دەکاتەوە.

| ئایا یارمەتی دراویت | ژمارە | رێژە |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٨٩ | %٥٩.٣ |
| نەخێر | ٦١ | %٤٠.٧ |
| کۆی گشتی | ١٥٠ | %١٠٠ |

لە خشتەی (١٧)دا بۆمان دەردەکەوێت رێژەس (%٥٩.٣) خێوانەکانی نمونەکە یارمەتی دراون ، لە لایەن رێکخراوە عێراق و نێو دەوڵەتی و کۆمەڵەو رێکخراوە خێرخوازی و مەدەنیەکانی هەرێمی کوردستانەوە، بەڵام بە هۆی پەرشوبلاوی ئاوارەکان و نیشتەجێ بوونیان لە گەڕەکەکان یان لە قەزاو ناحیەکانی دەرەوەی

هەولێر یارمەتی نەگەیشتوەتە هەموویان، بۆیە رێژەی (٤٠.٧%) ی خێزانەکان دەڵێن یارمەتی نەدراوین ، کە ئەمرۆ گرفتی هەژاری و نەبوونی ودەست نەگەیشتن بە پێداویستیە سەرەکیەکان و بێکاریان هەیە، بە تایبەت ئەو خێزانانەی نەخۆش یان خاوەن پێداویستی تایبەتیان هەیە .

١٨. ئایا دەتەوێت بگەڕێیتەوە بۆ شوێنی خۆت؟

خشتەی ژمارە (١٨)مەیلی ئەندامانی نمونەکە روون دەکاتەوە بۆ گەڕانەوە

| گەڕانەوە | ژمارە | رێژە |
|---|---|---|
| بەڵێ | ١١٢ | %٧٤.٧ |
| نەخێر | ٣٦ | %٢٤ |
| بێ وەڵام | ٢ | %١.٣ |
| کۆی گشتی | ١٥٠ | %١٠٠ |

لە خشتەی (١٨)دا بۆمان روون دەبێتەوە کە رێژەی (٧٤.٧%)خێزانەکان دەیانەوێت بگەڕێنەوە سەر رێو شوێنی خۆیان ئەگەر ئارام بێت و بە تایبەت دەستی خزمەتگوزاری پێ بگات و هەلی کاریان بۆ برەخسێنن، زۆر بە تامەزرۆییەوە چاوەروانی ئەو رۆژە دەکەن، بەڵام گەرانەوە بۆ شوێنێکی وێرانە و بێ کارو کاسبی و پرمەترسیان ناوێت ، بۆیە ٢٤% ی خێزانەکان نایانەوێت بگەڕێنەوە.

کۆتایی (الخاتمە):

ئەنجام و پێشنیارەکان :

یەکەم-ئەنجامەکانی توێژینەوەکە:

دووای بەتاڵکردنەوەی فۆرمەکان و شیکردنەوەی زانیاریەکان و راڤەو لێکدانەوەی ئەوەی سەرنج و تێبینی کراوە یان لە رێگای چاوپێکەوتن و گفتوگۆوە بە دەست هاتووە ، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە :-

١. خێزانە ئاوارەکان لە رەوشێکی نا سروشتی و نا ئاساییدا دەژین .
٢. ئەو رەوشە نائاساییە کاریگەری کردوەتە سەر جۆرو شێوازی پەیوەندیەکانیان چ لە سەر ئاستی ناوخۆ نێوان ئەندامەکانی خێزان چ لەسەر ئاستی دەرەوەیان لەگەڵ دەوروبەر و ئەو ژینگە کۆمەڵایەتیە نوێیەی تێیدا دەژین.
٣. زۆربەی خێزانەکان لە یەك دابراون ، ئەوەی پێشتر لەسەری راهاتبوون لە خێزانی گەورەو پەیوەندی خزمایەتی نزیك پێکەوە بن ، ئەو ژیانەیان لێتێکچووەو ئەمەش کاریگەری نەرێنی خستوەتە سەر سۆزو خۆشەویستی و شێوازی بیرکردنەوەیان.
٤. زۆربەی خێزانە ئاوارەکان بەرنامەرێژی و نەخشەسازی بۆ ئایندەیان لە دەستداوەو تەنیا فریای دابینکردنی ژیانی هەنوکەییان دەکەون .
٥. بەشێکی خێزانەکان منداڵەکانیان لە قوتابخانە دەرکردووەو ناچاری کارپێکردنیانن بۆ دابینکردنی ژیانی رۆژانەیان.
٦. دیاردەی کارپێکردنی منالان لە هەولێر بە زەق دەبینرێت و کاریگەری نەرێنی خستوەتە سەر بازارکردن بە تایبەت لە بازارە میلیەکاندا.
٧. بە هۆی مانەوەی خێزانە ئاوارەکان و نەگەرانەوەیان، سواڵکردن و داواکردنی یارمەتی و بە هاناوەچوون لە زۆربەی مزگەوتەکانی شاری هەولێردا زیادی کردووە.
٨. نزیکەی (٧٥%)خێزانەکان دەیانەوێت بگەڕێنەوە سەر رێو شوێنی خۆیان ئەگەر ئارام بێت و دەستی خزمەتگوزاری پێ بگات و هەلی کاریان بۆ برەخسێنن، زۆر بە تامەزرۆییەوە چاوەروانی ئەو رۆژە دەکەن.

دووەم-پێشنیارەکانی توێژینەوەکە:

١. پێویستە حکومەتی هەرێم دەزگاو دامەزراوەی تایبەتی هەبێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئاوارەو پەناهەندە، هەتا ساڵ لە دووای ساڵ شارەزاترو پرۆفیشناڵتر رووبەرووی ئەم گرفتە ببنەوە.
٢. پێویستە رێگا نەدرێت ئاوارەکان بە تەواوی کلتورو داب و نەریت و زمان و تایبەتمەندیەکانی خۆیانەوە یەکەی دانیشتوانی تایبەت دروست بکەن و هەندێك گەرەك یان شارۆچکە بە رەنگی خۆیان رەنگرێژ بکەن.
٣. پێویستە حکومەتی هەرێم خولی تایبەت بۆ فێربوونی زمانی کوردی و راهێنانی ئاوارەکان بۆ ئاوێتەبوون بە کلتوری کوردی بکاتەوە .

٤. پێویستە ئاوارەکان بە بۆنەو چالاکی و کاری هونەری و خۆبەخش و تێکەڵاوبوون بە کۆمەڵگا و دیالۆگ سەرقاڵ بکرێن تا گرفتە دەرونی و کۆمەڵایەتیەکانیان لە بیر بکەن .
٥. پێویستە کار لەسەر دروستکردنی گیان بەخشین و یارمەتیدان لە دەرونی هاولاتیانی کوردستاندا بکرێت هەتا بە چاوی رێزو خۆشەویستی و برایەتیەوە بروانن ئاوارەکان و هاوکاریان بن.
٦. پێویستە هاوکاری مادی و مەعنەوی بکرێن ، مناڵەکانیان بگەرێنرێنەوە قوتابخانە .

**ملخص البحث**

٧. تتناول هذه الدراسة الاثار الاجتماعية لظاهرة النزوح بين العوائل النازحة من محافضات الانبار و صلاح الدين و نينوى و ديالى الى مدينة اربيل بأعتبارها منطقة أمنة، حيث تهدف الدراسة الى معرفة هذه الأثار و كيفية المحافظة على بنية و كيان تلك العوائل. أتبع استخدام المنهج الوصفى التحليلى لوصف الظاهرة، و أستخدمت الملاحظة و المقابلة و استمارة الاستبيان كأداة لجمع البيانات من عينات عشوائية طبقية و وزعت الاستمارة على (١٥٠) عائلة نازحة ، (٤٠)عائلة فى حى (٩٢) و(٤٠)عائلة في مجمع زيتون ستى و(٧٠)عائلة في مخيّم بحركة.
٨. وتكمن أهميه الدراسه فى كونها تتناول موضوع العوائل النازحه فى العراق و ما يتعرضون له من معاناه الفقر والتشتت والخوف و والتشاؤم ، لذلك تعد العوائل النازحه أحوج الناس الى الرعاية الاجتماعية ،المساعدات النفسية والاقتصادية ، قدمت الدراسة تعريفا للاثار الاجتماعية و العائلة والنزوح ، ثم

**.Summary**

This study examined the social effects of displacement among displaced families from Anbar, and Diyala to Erbil as a safe area, it is aimed to know the effects in these families and how to maintain the structure and the entity of those families

The descriptive method was used to describe this phenomenon, through the questionnaire he collecting data from a random sample. it was distributed to 125 displaced families

the study found that the most important effects are, family disintegration , the absence of study , child labor and mendacity

**سەرچاوەکان:**

١. مساعده، مريم، اهداف البحث العلمى، متاح على الموقع الالكترونى التالى (https://mawdoo3.com) فى ٢٠١٨/١٢/٢٦.
٢. الغالى، مجرى محمد، ، التعريف و المفهوم فى الصناعه النحويه، مجله إشكالات، دوريه نصف سنويه محكمه تصدر عن معهد الاداب واللغات بالمركز الجامعى لتامنغست – الجزائر ، ص: ٦٥.
٣. مؤكره تفاهم بين المفوجيه الساميه للامم المتحده لشؤن اللاجئين والاردن المنشوره بتاريخ ١٩٩٨/٥/٣ على صفحه ١٤٦٣ فى الجريده الرسميه العدد (٤٢٧٧)
٤. ( http;//www.islamicpl.net/users/News ) بتاريخ ٢٠١٠/٢/٢١ -
٥. مجلس اللاجئين النرويجى(NRC) و مركز رصد النزوح الداخلى (IDMC)، النزوح الداخلى الملخص العالمى الاتجاهات والتگورات للعام ٢٠٠٩، ايار ٢٠١٠، ص: ١٣.
٦. هەمان سەرچاوە
٧. الشاعر، الدكتور عبدالمجيد، وئخرون، علم الاجتماع الگبى، دار اليازورى العلميه للنشر والتوزيع، عمان، الاردن، ٢٠٠٣، ص: ١٣٥
٨. عبدالباقى ، دكتور زيدان ، ركائز علم الاجتماع ، مكتبه المعارف بمصر ، القاهره ، ١٩٧٣م ، ص ٩
٩. حواش، الدكتور جمال الدين أحمد -كليه الدفاع الوگنى-إداره الازمات و الكوارپ چروره حتميه -المؤتمر السنوى الپالپ لإداره الازمات و الكوارپ ، تشرين الپانى ١٩٩٨، ص: ٤.

١٠. متاح على الموقع الألكترونى التالى (www.cpas-egypt.com/pdf/Walid_Nassar/MS.C/002.pdf) بتاريخ ٢٠١٨/١٢/٢٦.

١١. سبخاوى، خديجه، التغيير الأجتماعى و أپاره على التشرد المسنين، رساله ماجستير تقدمت بها الى قسم الأجتماع ، كليه الأداب، جامعه الجزائر، ٢٠٠٨، ص: ١٣٠.

١٢. جبر، د.وليد عبد، أزمه النزوح والأمن الانسانى فى العراق، مجله العلوم التربويه والنفسيه، العدد (٥٤)،٢٠١٧ ، ص: ١٠٠.

١٣. هادى، نەوزاد، باسنيوز، http://www.basnews.com/index.php/ar/news/kurdistan/498676 لە ٢٠١٩/٢/٣


پاشکۆی ژمارە (١) :فۆرمی راپرسی:

هاوڵاتی بەرێز : ئەم فۆرمە بە مەبەستی توێژینەوەیەکی زانستیە بە ناونیشانی (ئاسەوارە کۆمەڵایەتیەکانی ئاوارەبوون :توێژینەوەیەکی مەیدانی ناو خێزانە ئاوارەکانی شاری هەولێر) تەنیا بۆ شیکردنەوەی زانستی بەکار دێت و زانیاریەکانی پارێزراون ، وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی خزمەتێکە بە خۆتان و بەکاری ئەکادیمی لە هەرێمی کوردستان بۆیە پێویست بە ناونوسین ناکات و تەنیا نیشانەی (√)لە بەرامبەر وەڵامی گونجاو دابنێ .

یەکەم: پرسیارە گشتیەکان:

١. رەگەز:

أ. نێر ( ).

ب. مێ ( ).

٢. باری هاوسەرگیری:

أ. خێزاندار ( ).

ب. سەڵت ( ).

ج. تاکمردو( ).

د. جیابووەوە ( ).

٣. ئاستی زانستی:

أ. أنەخوێندەوار ( ).

ب. سەرەتای( ).

ج. ناوەندی و ئامادەیی( ).

د. پەیمانگاو سەروتر ( ) .

٤. قەبارەی خێزان:

أ. (١-٣).

ب. ( ٤-٦).

ج. (٧-٩)

د. (١٠-١٢)

ه. (١٣و زیاتر)

٥. باری ئابوری :

أ. باش ( ) .

ب. ناوەند ( ).

ج. خراپ ( ).

٦. شوێنی نیشتەجێبون :

أ. شار ( ).
ب. قەزاوناحیە( ).
ج. گوند ( ) .

دووەم:پرسیارە تایبەتەکان بە ئامانجی توێژینەوەکە:

٧. چەند ساڵە شوێنی خۆتان جێهێشتووە؟
أ. (١-٢)ساڵ ( ).
ب. (٣-٤)ساڵ ( ).
ج. (٥-٦)ساڵ( ).
د. (٧ساڵ و زیاتر) ( ).

٨. بۆچی شاری هەولێرتان هەڵبژارد؟:
أ. نزیکترین شوێنی ئارام بوو ( ).
ب. بە هۆی دۆست و ناسیاو خزم ( ).
ج. بە هۆی کارو کاسبی شارەکە ( ) .
د. هۆکاری تر ( )

٩. ئایا هیچ ئاستەنگێکت هەبووە لە راهاتن لەگەڵا خەڵکی هەولێردا؟:
أ. بەڵێ ( ).
ب. تا رادەیەك ( ).
ج. نەخێر ( )

١٠. ئایا هیچ منالێکتان وازی لە خوێندن هێناوە؟
أ. بەڵێ ( ).
ب. نەخێر ( ).

١١. ئەگەر بەڵێ :بۆچی مناڵەکەتان لە خوێندن وازی هێناوە؟ :
أ. پێویستی خێزان بەکاری مناڵ ( ).
ب. نەبوونی قوتابخانەی نزیك ( ).
ج. گواستنەوەی ماڵ و جێگیر نەبوون ( ).
د. رانەهاتنی مناڵەو بێزاربوونی ( ).

١٢. کێ سەرپەرشتی خێزان دەکات لە دووای ئاوارەبوونەوە؟
أ. باوك ( ).
ب. دایك ( ).
ج. باوك و دایك ( ).
د. خزمێکی پلە یەك ( ).

١٣. ئایا هەست بە ئارامی دەرونی و دڵنیایی دەکەن لە ناو شاری هەولێر؟
أ. بەڵێ ( ).
ب. تا رادەیەك ( ).
ج. نەخێر ( ).

١٤. ئایا بیرکردنەوەت لە ژیاتی پێش ئاوارە بوون ئازارت دەدات؟

أ. بەڵێ ( ).

ب. تا رادەیەك ( ).

ج. نەخێر ( ).

١٥. ئایا لە ژینگەی کەمپ یان ئەو گەرەکەی ئێستا تێیدا دەژیت هەست بە غەریبی دەکەیت؟

أ. بەڵێ ( ).

ب. تا رادەیەك ( ).

ج. نەخێر ( ).

١٦. ئایا هەموو ئەندامانی خێزانەکەتان پێکەوە لە هەولێر دەژین؟

أ. بەڵێ ( ).

ب. نەخێر ( ).

١٧. ئایا هیچ یارمەتی درایت لە دوای ئاوارەبوونت؟

أ. بەڵێ ( ).

ب. نەخێر ( ).

١٨. ئایا دەتەوێت بگەڕێیتەوە بۆ شوێنی خۆت؟

أ. بەڵێ ( ).

ب. نەخێر ( ).